کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-4-2007 22:04

## ئەورۆژەی شۆرش لە پایتەخت دەچوو ... کۆچەر کەرکووکی

کارەساتی ئەنفال لای هەموو خاوەن ویژدانێك رون وئاشکرایە کەحکومەتی بەعس بەنیازی گلاوی خۆی لەناوبردنی گەلی کورد بوو. کەئەو گەلەی خوای گەورە لەسەر خاك ونیشتمانی خۆی دروستی کردون. وەبێگومان خوای گەورە رازییە کەکورد بەکوردی دروست بکات. بەلام هەمیشە دکتاتۆرەکانی رابردوو ئێستا رازی نابن کە جگە لە هخۆیان کەسی تر بلێت هەم وە ئەوەش ئەوەمان بەبیر دێنێتەوە کەتائێستا لەم دونیای بەناوئازادی دیموکراتی ومافی مرۆڤیاسای دارستان جی بەجی دەکری وەکو دەبینری لەزۆربەی ولاتان کەگەلەکەی ژێردەستەن لەو گەلانەش گەلی کوردی زولم لێکراوە ئەوەی کە بەعس کردی تائێستاش لەزۆربەی نیشتمانی داگیرکراوی کوردا لەهەموو بەشەکانی تر پیادەدەکری کە لەوڕووە شەوە تەنها گەلی کورد زیان بەرکەوتوی یەکەمە. وە دلنیاش بن هەرلەسەردەمی بەعس وبگرەتائێستای ولاتی عێراق و ولاتانی دراوسی ئەوکارانەی ئەنجام دەدرێن هەموو ئەوانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ ودیموکراسی وتاکۆتای دەکەن ئاگاداری ئەم هەموو کارە نامرۆڤانەن بەلام کورد وتەنی (قەیناکات زەرەری بۆ پەزەکان نییە) ئەو دوفاقییەی ولاتانی زلهێزی بەناوداکۆکی کار لەمافەکانی مرۆڤ خۆیان کەڕو لال کوێردەکەن لەبەرئەوەی دلی دۆستەکانیان نەیەشێت کەبێگومان ئێستاش هەر ئەوانەن بەناوی ئازادی ورزگاری گەلان داهات و بەروبومی ولاتمان دەبەن ئەی ئەو کات بۆنەهاتن هەم رزگارمان بکەن وهەم داهاتەکەش بۆخۆتان ئەوکاتە دوجار دەما وت دەستان خۆش. وەئێستاش بۆئەوەی کەروی خۆیان سوربکەن وبلێن دۆستانین سالانە بەدەست وەفدیانەوە وەرس بوین وە ئەوەی سەیرو سەمەرەشە لەگەل ئەوەی لای خۆمان کاربەدەست وبەرپرسەکانمان سەرزەنشتیان بکەن و بلێن بۆنەهاتن بەدەم هاواری ئەوکاتەی گەلەکەمانەوە یەکسەر پێشیان دەکەون ودەلێن_ (ئەمانە دۆستی دێرینی گەلی کوردبوون) کەبەبۆچونی من ئەو کاتە گەلی کورد دۆستەکانیشی دوژمنی بون. ئەمانە بەهەر لایەك داخۆ خەلکی دەپرسن ئەی بۆچی ئەم حکومەتەی خۆمان دوای 16 سال ئازادی بۆچی ئاوڕمان لێ ناداتەوە خۆوتمان ئەوانەی باسمان کردن دوژمن بوون خۆئەمان هەلقولاوی ناخی جەماوەرن و بەدەنگی ئێمە بون بەم حکومەتە بەرێزانم لاتان سەیرو سەمەرە نەبێت هەموویان نالێم بەلام هەندێك بەرپرس بەوە دەچێت تائێستا نازا نێت دەشتێك هەیە هەر بەعەرعەر دەچێت و بەئەنفالستان ناوی دەرکردووە بەلام پێی دەلێن (شۆرش) ئەوشۆڕشەی کەتائێستا مندالکانیان لەللەزەتی ژیان بێبە شن پیرو پەککەوتەکانیان لەبن دیوارە قوڕەکانیان ژیان دەبەنە سەر ئەو شۆرشەی کەتائێستا نازانن باخچەی مندالان چییە ئەمانەو دەیان باسی تر؟ژنان دەپرسن کەی حکومەتی خۆمالی هەولی ئەوەمان بۆدەدات کەئێمەی ژنان وەك ژنەکانی خۆیان بەئاسودەی بژین وهەرڕۆژەی نەچین لەبەردەم مالێکدا داوای ئەوەی لێبکەین کەبمان بەن بۆکرێکاری ودەسکەنەی نۆك و نیسکمان پێبکەن و لەبری پیاوان دروێنەمان پێبکەن کەبوینەتە جێگای توانج و قسەی خەلکی. وە شۆرش ئەو رۆژەی کە وە فدی پەرلەمانی کوردستان هاتن بۆئەنفالستانی شۆرش. شۆڕش بەپایتەختی کوردستان دەچوو لەبەر ئەوە نا کە باشترین کاریان بۆکرابێت وەلە لایەن شارەوانی و حکومەتی ناوچەکە وەهەلمەتی نەمام چاندن وپاککردنەوەیان بۆکرابێت کەخوانەکات کاری وابکرێت ئەزانن بۆلەپایتەخت دەچوو لەبەرئەوەی لەبەر ئۆتۆمبیلی بەرپرسان رێگەی هاتوو چۆ نەمابوو کەهەرگیز شۆڕش ئەوئۆتۆمبیلانەی بەخۆوە نەدیبوو کەخەلکی لایان سەیر بوو ئایا ئەمەژیانی ئێمەیە و ئەوەش ژیانی ئەوەان بۆیە خەلکی لایان وابوو حکومەتی کوردستان هەژارەو گلە یی لەحکومەت ناکەن پێش ئەوەی ئەو سەرسوڕهێنەرانە ببینن. وەمن هیوادارم چۆن وەفدی پەرلەمان بەئۆتۆمبیلەکانین خەلکیان سەرسورماوکرد ئەوهاش دوای چەندمانگێکی تر بە پڕۆژەو کاری خزمەت گوزاری ئەم دەشتی عەرعەرەی شۆرش سەرسورماوتربکەن.

kochar@ maktoob. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.